# كه تۆ وەك لیمۆ ئەمگوشیت




# من شەڕابم لێ ئەتكێت...

**نالە عەبدولڕەحمان**

**٢٠١١**

# کەتۆ وەك لیمۆ ئەمگوشیت

# من شەڕابم لیٚ ئەتکیٚت...

**شیعری کورت**

**ناڵە عەبدولڕەحمان**

Nalaabdulrahman8@gmail.com

**٢٠١١**

**<u>پێشکەشە بە:</u>**

**عەدنان**

**حەمە**

**ڕەندێ**

**ئێوەش**



**من بەجامێك خۆشەویستی**

**هەموو تەمەن دەگوزەرێنم**

**وادەزانم کۆگای عەشقم دەستکەوتووە**

**کەهەموو دەیانەوێ تا ڕاددەی دیلی مرۆڤەکان لەعەشق بگوشن،**

**من هەر جامێك شەڕابی عەشقم بەسە...**

**خودا دڵی بە ئەوینی عابیدەکانی خۆش دەبێ**

**ئەدی بۆ لێناگەڕێن ئەمن و ئەو کوڕە جوانە یەکتریمان خۆشبوێ؟؟!**



**گرنگ نیە بەچەند ژنی دیکەت وتووە**

**یان بەچەندی دیکە ئەڵێیت...،**

**گرنگ ئەوەیە ئێستاکە**

**بەمنی ئەڵێیت:**

**(خۆشم ئەوێیت...)**



ژن ئەگەر ناوکی ستیانەکەی هەڵدا

دەیەها پیاو ئەبێ بە جەنگیان،

ئەگەر مەمکی خەمەکانی هەڵدا

دوو پیاویش نابێ بەشەڕیان.

(هاله)

پێمگووت مەڕژێرە چەمی ژنێتیمەوە

ئێمە پێویستە

تەنها وەك بروسكە بەیەكدا تێپەڕین ....



؟!

لەمناڵیما حەزم بەفڕین بوو

وەلێ داخم كە گەورە بووم تێگەیشتم

نەك فڕین لەسیفەتی باڵندەكانە

ئینسان بۆی نیە بیر لەباڵیش بكاتەوە!



**من که سەرم پڕبێ لە (تۆ)**

**سەدەیەکم دەوێ**

**تا خاڵی ببمەوە لە (تۆ)**



**تۆزێك لەخۆتم داكەنە**

**من بە ڕوتبوونەوە لە تۆ**

**ئارامتر تەمەن دەئاژۆم...**



**چاوەکانم پڕن لە ون بوونی ئەستێرە**

**دەستەکانم خاڵین لەگرتنی یەقە و**

**دزینی نەمامی عەشق**



**دەستەسڕێکم هەڵدایە**

**گۆمی مەنگی عەشقەوە**

**بوو بە ژیژك**

**پەنجەیەکم بەری کەوت**

**بوو بە مۆم**



**تامردن گۆرانیت بۆدەلێم**

**بەس لێگەڕێ**

**پێ نەخەمە نێو ماڵەکەت**



**که دەچمە ڕیزی شەهیدانەوە**

**چیم نیە لەدەستی بدەم**

**جگە لە (تۆ)**

***

**شەهیدبوون شەرەفی مەزنە**

**لیّ لەمێژە شەهیدم و ئەو شەرەفەت پیّ نەبەخشیوم**



**چیدی نامەویَ بخەوم**

**ئەوەك سبەینێشم**

**کۆپیەك لە وێنەی (دوێنیَ) بێت**

## (سەفەر)



(١)

منالّیم لە دەفرێك خۆڵدا بەڕێ كرد

گەنجیش...

بەرلەوەی پیر ببم،

(سەفەر دەكەم...)

لەوانەیە

بۆ دواین خەون


بە پێخاوسی بگەرێمەوە

***

(٢)

تۆلەكوێوە هەڵدەوەرێتە چارەنووسمەوە

كە من لەكتێبی ڕێگادا تۆم سڕیوەتەوە ؟!



**جگە لە مورو**

**(کەلا)یەکی سەوزم**

**نەخستە (قۆڵت)ێکی بچوکەوە**

**کە منالٚ بووم...**

**ئیدی بەچی مەحکومم؟؟**

**٣-٤-٢٠١١**

**(پیری)**

**من لەخاكی زەردی دا سەوزیم ونە**

**تۆ بە تاوان مەحكومم مەكە**

**ئەوە قەدەری باڵندەكانە لەوێدا**

***



**خۆخێك بێ موتوربەكردن**

**لەلقی وشكی درەختی هەنجیردا**

**سەوز بوویەوە...**




**من هەموو سەرم دایە تۆ**

**تۆش هەموو نا**

**بەشێك لەژنێتیم بدەرەوە**

**تا لەنوێوە دەستپێبکەمەوە**


Skywoman - used with the kind permission of the artist, Bruce King (Oneida)

**له ناندێن مشکێ ترساندمی**

**لەدەرەوە**

**ڕیویەك خەریك بوو نەفسم بدزێ**



**که سەری پێرفیومەکەم کردەوە**

**بۆنی خەوێکی قووڵ بردمی**

**لێ نەخەوتم**




**لەژیانمدا زۆر حەزم لەخۆمدا کوشتووە**

**نەرگیلە و خەوتن لەگەڵ تۆ**

**دووان لەمان بوون**

**کەتۆ وەك لیمۆ ئەمگوشیت**

**من شەڕابم لیّ ئەتکیّت...**

**نا مەترسە**

**من بەرلەوەی تنۆك تنۆك**

**بڕژیّمە خڕۆکەی خویّنتەوە**

**هەر لەنیّو دەستەکانتا**

**ئەبم بە پیّکیّك شەڕاب،**

**مەست ڕۆئەچمە هەناوتەوە**

**وەك ئاویّکی زۆر زۆر تەنك**

**بەهەموو کەلەبەرتا ئەکشیّم...**

**ئیدی بەشی بۆشاییەك**

**لە دەروونتا بە بەتاڵی جیّناهیّڵم**

***

کەتۆ وەك لیمۆ ئەمگوشیت

من پڕ بە گلاسی کریستاڵێ

شەڕابی خەستم لێ ئەتکێت

ئیدی چ پێویست بە شەڕابی

(ترێ) دەکات؟



**لەڕۆژێکی تەمموزی ٢٠٠٤ دا**

**بەفر باری**

**من نە لەچکم کرد، نە ملپێچ**

**تۆم بە ڕووتی کردە بەرم**



(شكسپير)

من لەتەختی دواین نمایشدا

لەبەرگی (جولییێت ) دێمەدەرو

چیترئەو ڕۆڵە ناگێڕم

پڕبێ لەکوشتنی (ڕۆمیۆ)و

لەخاچدانی مەمکی سێو



**(بیتهۆڤن)**

**تۆ ئەی ژەنیارترین وەهم لە سیمفۆنیای ژنێتیمدا**

**کە بەو ئیقاعە تێکشکاوانەت کاسم،**

**چۆن چاونەبڕمە ئاسۆ و بیژینگ بۆتیرێژێك زەمەنی ئەودیو هەڵنەدەم؟**

**کە لەوبەری تەمەندا چیت نەسپاردە**

**نیشتیمانی سەما**

**تابن بەقامك وگوڵ بگرن ....**

**زەوی:**

**ئێوارەیەك دەستی نزای بەرزكردەوە ئاسمان:**

**خودا .. عەشقی پلۆتۆ و عەتارد كوشتمی**

**نامەوێ منی بێخەتا ناوبژیوانی شەڕە عیشقی هەسارەكان بم**

**لەئاسماندا مەحاڵدا**

ئاوێنە

(١)

لەوێدا ناتوانین ڕوخسارمان بگۆڕین

وەلێ لەئاوێنەی یەکتریدا

ڕووخسارمان دەیەها ڕەنگە ....



(٢)

ئاوێنە

نا لێرەشا  ئەو ناتوانێ هەمووشتمان پێبڵێ

**(مۆزارت)**

**بە پەنجە توتەی موعجیزەوە**

**پەڕەی گوڵ هەڵمەوەرێنە سنوری بێدەنگیەوە**

**لەوێدا گوێچکە تەنیاکان**

**قوڵپ بۆ نەژەنینی ئاوازی خنکاو دەدەن**

**لەئاسمانی تاریکیدا ئاوێنەی خاکن ....**

**(سۆراخ)**



**کە تۆم لەخۆمدا ون کردووە**

**تۆ بۆ سۆراخی خۆت نایەی؟؟؟**

**ئەو ئێوارەیەی ئەڵماسێك لە دەستی ڕاوچیەك کەوتە دەریا**

**زەوی لەسەرما لەرزی گرت**

**ویستی ئەستێرەکان بدا بەخۆیدا**

**نەوەکا تیشکی بنەوشەیی خۆر**

**بۆ بەیانی بیسووتێنێ...**




# بەڵێن بێ

(١)

ئەوەندە نهێنی، بەتیلەچاو ماچی گەرم بگۆڕینەوە

تا ئەغیاریش فێری وانەی عەشق ئەکەین

ئەوەندە بەبێدەنگی یەکتریمان خۆشبوێت

تا عەشق تەق ئەکات و

بە قاچیٚ لێمان ڕادەکات

***

(٢)

لێگەڕێ بەر لەوەی ئەو نهێنیە جوانانەمان بدزرێن

با ئەوەندەم خۆشبوێی تا ڕۆژیٚ بەرگەت ناگرم و

بەشەقامان لێت ڕائەکەم

یەقەی هەموو ڕێوارانی بەردەم قەلاٚ و

دەستگێڕانی ناو قەیسەری و

زیو فرۆشانی (باتا) دەگرم

تێیاندەگەیەنم:

(بەحەرامی خۆشم دەوێی...)

***

(٣)

بەڵێن بێ

ئەوەندە گۆنات ماچ بکەم،

سەر توێژی گەنجێتیت بەنان بخۆم،

تا بەشی ژنێکی دیکە ماچت بۆ ناهیڵم..

درۆمکرد ئەگەر  ڕۆژێ پێم ووتی:

بەشی ئەوەندە عەشقت ئەبم

تا ژنێکی تری نەگبەت

ئەگاتە فریات...

***

(٤)

ئەگەر ئەمجارە

بەیەکەوە سێوێکمان لەت کرد

من قەپ لە پەنجەت ئەگرم

یان لەلێوت

ئینجا لەسێو

***

**(٥)**

**ئێوارەیەك دێتەسەرم**

**کۆترەکانی سینگم هەڵفڕێنم**

**ئەگەر بەخت یاوەرت بوو لەسەر پەنجەکانت نیشتن**

**بزانە من بۆ هەر شتیێ**

**ئازادمکردوون**

***

**(٦)**

**عەشق مرۆڤەکان دیل ناکا**

**تۆش کەهێندەت خۆشدەوێم**

**ئازادمکە**

**با هەموو ئاسمان تەی بکەم**

عه تارد (١)

ئەوپیاوانە بەتلسکۆبەکانیان لەچی دەڕوانن؟

تۆبڵێی ئەوپەیکەرانە لەپێستی ژن هەڵنەکەنرابن؟

ژن لەم ڕەقبوونەدا مەگوشن

لەوانەیە مانگایەك شیری بدۆشێ

ژنیش شیعر....

عەتار (٢)

هەناسەم کپ مەکە

دەمەوێ بەسەربادا

سەفەر بەرەو ( تەوبە ) بکەم

تۆدەڵێی چی؟

## پیاو (۱)

تۆئیتردەست مەدەرە کتێبی ئەستێرەکان

کەسەدە   دوای     سەدە

زەوی  دەخەنەوە ....

***

## پیاو  (۲)

تۆ کە لە زەمەنی ڕامان ڕادەکەی

من چۆن هێلانەی عەشقم نەبێت بە پاییز

چۆن پەنجەکانم قەوزە نەگرن

نەبنە ژەمی ماسیە پەڕ وەریوەکان؟

***

## (۳)

پیاوقایشەکەی هەڵدایە زەریا بوو بە پەیکەر

ژن مەمکەکانی هەڵدایە ڕوبار چیا سەوز بوو

ئیتر لەوڕۆژەوە

گەمەی ژن و پیاو بوو بە(شەڕ)

بوو بە درێژترین شیعر

**سپاس بۆ:**

**(ئێوە) کاتی خۆتان بەخوێندنەوەی ناخی ژنێك بەخشی**

**تا هاوکێشەی شیعرەکان تەواو بن...**

**سپاس بۆ :**

**هاوڕێم ڕۆزا بۆ گرتنە ئەستۆی ئەرکی دیزاین و تایپ کردن ...**

**ناڵە**

**٢٠١١**

**کوردستان**